# فیلمی ٠٩
# سینەما یاخود سیاسەت و میدیا؟



# فیلمی ٠٩
# سینەما یاخود سیاسەت و میدیا؟

نووسینی: شاهۆ عارف

مامۆستای شیکاری فیلم

زانکۆی سلێمانی/ بەشی فیلمسازی

کۆمپانیای کام پرۆدەکشن دووەم فیلمی درێژی دروستکرد. جیاواز لە شوان عەتوف، بەختیار فەتاح لەیەکەم تاقیکردنەوەی فیلمی درێژدا، توانی بە هاوکاری دەستەیەک گەنجی چاوکراوە، سەرکەوتنێکی ڕێژەیی بەدەست بهێنێت لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی تاوانکاریدا. ڕەنگە ئەمە یەکەمینجار بێت فیلمسازێکی شاری سلێمانی بە سودوەرگرتن لە ڕەگەزەکانی سینەما فیلمێکی کۆکراوە، [بەلام کوشندە!] بە پێوەرەکانی سینەمای باو دروست بکات. جیاواز لە پەیکەری دڵ، فیلمی ٠٩ توانی وەکو فیلمێکی بازرگانی ڕەنگرێژی سینەمایەک بکات کە ڕوونتر و تۆختر خزمەت بە ئەجێندای سیاسی و ستراتیژی کام پرۆدەکشن بکات. وە بەمشێوەیە "کام؟" بەردەوامە لە بەکارهێنانی سینەما وەکو کەرەستەیەکی میدیای-سیاسی و بازرگانی.

ئەگەرچی یەکەم فیلمی کۆمپانیاکە لە چەندین ڕووەوە کێشەی گێڕانەوەی هەبوو، لەم فیلمەدا هەتا ئەندازەیەک هەموو ڕەگەزەکانی گێڕانەوەی وێنەیی پێکەوە کاریان کردبوو. گێڕانەوە لە ڕێگەی ئیشکردن بە کلێشەی ئەنجام و هۆ، بەرەوپێشبردنی هەنگاو-بە-هەنگاوی ڕووداوەکان، کارەکتەرسازی، چنینی لۆژیکیانەی کارەکتەر و ڕووداوەکان توانیبووی چێوەیەکی ستاندار و نەریتی دروست بکات کە فیلمێکی تاوان و نهێنی-ئامێز پێویستی پێی بوو. دروستکردنی قەلەقی و گومان، بە ڕێکخستنی شاردنەوە و ئاشکراکردنی زانیاریەکان لەگەڵ ژانەر و سەب-ژانەری فیلمەکەدا تەبابوون. خاڵی بەهێزی فیلمەکە دروستکردنی ئەو کەش و فەزاسازیە بوو کە چیرۆکەکە پێویستی بوو لەڕێگەی؛ وێنەسازی، بەکارهێنانی میوزیک، کاریگەریە دەنگیەکان، کەرتکردنی خێرا بە تایبەت لە دیمەنەکانی ترۆپکدا. سەرباری ئەوانە فیلمەکە کێشە و کەم و کورتی زۆریشی لە چەندین ئاستدا تێدا بوو. کورت و پوخت؛ ئەمجارە کۆمپانیای کام توانیبووی باشتر لە پێوەرەکانی سینەمای باو نزیک بێتەوە و بە زمانی سینەما بدوێ و بڵێ، بەلام "چی" دەڵێت؟ و چۆن دەڵێت؟ و بۆچی بەو جۆرە دەڵێت؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە ئەشێت ڕووبەڕووی هەموو فیلمێکی بکەینەوە کە زیاتر بەرهەمی کۆمپانیا بێت نەک هونەرمەندێکی فیلمساز!

بەختیار فەتاح، بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری فیلمەکە، لە چاوپێکەوتنی کەناڵی تەرفیهی NRT2 دا داوایکرد کە کارەکەیان بەراوورد نەکەین بە سینەمای هۆلیود و بۆلیود، بەڵکو بەراووردی بکەین بە توانای سنورداری کۆمپانیاکە! ئەم قسەیە دەربڕی ئەو ڕاستیەیە کە فیلمەکە لەو کلێشە باوانەی سینەماوە سەرچاوەی گرتووە. نەک تەنیا ئەوە، بەڵکو زۆر بە ئەمانەتەوە، فیلمەکە لە زۆر ڕووەوە ژینگەی دروستبوونەکەی خۆی فەرامۆشکردووە لەپێناو ئەوەی کە لەو نەریتە تەقلیدیانەی فیلمسازی بچێت. سەرباری ئەوەی کە لەوەشدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر ستافی ئەم فیلمە، ئەم لێکچوونە وەکو دەستکەوت دەبینن، مژدەیان لێبێت. بەلام ئاگاداربن یاخود نا، سینەمای هۆلیود و بۆلیود و بازاڕی و حەشامات هیچ کات نەیان توانیوە و ناتوانن سینەما بە مانا هونەریەکەی دروست بکەن. وە خەونی سەرپێخستنی سینەمای کوردیش زۆر دوورە لەوەی کە ئەم تەرزە لە سینەما بتوانێت بیهێنێتە دی!

ناساندنی ۰۹ وەکو فیلمێکی ژانەر-سەنتەر؛ تاوان، نهێنی، لێکۆڵینەوە[؟]، ئەکشن، یەکێکە لە خاسیەتە دیارەکانی سینەمای بازاڕی. ژانەر لە سینەمادا، بەگشتی، پێوەر نییە بۆ هەڵسەنگاندنی فیلم بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ باسکردن و شیکردنەوەی فیلم، بەڵام ناساندن و بیناکردنی فیلم بەسەر ژانەرێک یان چەند ژانەرێکی دیاریکراودا جۆرێکە لە سیاسەتی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنان بۆ دروستکردنی بینەر و بازاڕگەرمی بە فیلمەوە. چونکە بینەر لەڕێگەی ئەزموونی پێشوەختەی لەگەڵ ژانەردا پێشبینی کلێشەی گێڕانەوەکە دەکات. کەواتە لەڕووی بازاڕی سینەماییەوە، ژانەر دەتوانێت ڕایەڵی نێوان بەرهەمهێنان-ساغکردنەوە ڕێکبخات. هەربۆیە دەبینین ژانەر لە کۆی ستراکچەری فیلمە بازرگانیەکاندا ڕەنگدەداتەوە و لەکاتی بانگەشەی فیلمیشدا سەرنجێکی زۆر دەخەنە سەر ژانەر-ەکان. بەڵام ئایا ژانەرەکانی فیلمی ۰۹ ڕەنگیدابووەوە لە گێڕانەوەی فیلمەکەدا؟ ئایا کلێشەی گێڕانەوە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەکانی بوو؟

پلۆتی فیلمەکە بە دۆزینەوەی قوربانیەک دەست پێدەکات لەلایەن دەستەیەکی لێکۆڵینەوە کە تەنیا میکایل (ماهیر حەسەن) و ئارام (بێساران جاسم) تێیدا دیارن. لە پاش تێپەڕینی چارەکی یەکەمەوە، جەمسەری دووەمی چیرۆکەکە کە تاوانکارەکانن دەردەکەون. دکتۆر ئالان (شوان عەتوف) و جان (سیروان جەمال)، سەری ئەو باندە تاوانکارەن کە بەهۆی نەزانیانەوە خەریکە ڕووبەڕووی باجی کارەکانیان دەبنەوە. جان و ئالان بڕیاردەدەن شوێنەواری تاوانەکەیان بسوتێنن. لێرەوە فیلمەکە هەردوو جەمسەرەکە لێک نزیکدەکاتەوە؛ سادە و ئاسان ئەیاندا بە یەکدا و دکتۆر و جان سوک و باریک قوتار ئەبن! ئەم هەوڵە ناکامە، پلۆتەکە ناچاردەکات پەنا بۆ هێزی ژن بەرێت و درامای نێوان جەمسەرەکان گەرم بکاتەوە و بیانخاتە ناو کۆتاییەکی یەکلاکەرەوەوە.

میکایل، ئەفسەرێکی لێکۆڵەری پابەندە، بەهۆی پابەندبوونیەوە بە کارەکەی، کچەکەی فەرامۆش دەکات و تەناتەت لە ڕۆژی مردنی ژنەکەیشدا ئامادەنابێت. هەروەک لە سەرەتاوە دەردەکەوێت، میکایل بەدەست ئیشوکارەکەیەوە بێزارە، نەک هەر بێزارە بەڵکو بێتوانایشە لە پیشەکەیدا چونکە هەتا کۆتایی نەخۆی و نە ئارام توانای دۆزینەوەی سەرەداوەکانیان نییە! هەردووکیان وەکو بەشێک لە یەکەی لێکۆڵینەوەی گێڕانەوەکە، سەرکەوتوونابن لەوەی شوێن پێی تاوانبارەکان هەڵبگرن و هیچ لێکدانەوە و ئەنجامگیریەکیشیان نییە. لە دووجاری پێکدادانی هەردوو جەمسەرەکەدا؛ جاری یەکەم، ئالان و جان بەرەو ڕوویان دەڕۆن و جاری دووەمیش ئەم تیمە شکستخواردوە لەڕێگەی ڕفاندنی لیزا (ژاڵە ڕەسوڵ)ی هاوڕێی سارا (چریکە عەبەڕەش) و سارای کچی میکایلەوە دەکەون بەسەر دۆزینەوەی تاوانبارەکاندا، نەک بە ئەزموون و ئەنجامگیری پیشەیی خۆیان! ئەم جۆرە بژاردەیەی نارەیشن، نەیهێشتووە ژانەری لێکۆڵینەوە بەباشی لە پێکهاتەی گێڕانەوەکەدا شێوەبگرێت، لەکاتێکدا زەمینەی دەرکەوتن و شێوەگرتنی ئەو ژانەرە زۆر بەهێزە لە بەرامبەر ژانەری تاواندا. میکایل، بە یاوەری ئارام دەبێتە پاڵەوانی گێڕانەوەکە؛ تەرمێک کە لەسەرەتاوە دەدۆزرێتەوە لە کۆتاییدا بکوژەکەیشی دەستگیردەکرێت!؟

ئەگەرچی کارەکتەرەکان هەتا ئەندازەیەک بەیەکترەوە بەسترابوونەوە بەڵام گێڕانەوەکە پاڵنەرەکانی دکتۆر ئالانی بە نادیاری هێشتبووەوە. دکتۆر ترسنۆک و ناسک تەبیعەتە، بەشدارە لە ئەنجامدانی تاواندا، لەپشتی ژنەکەیشیەوە خەریکی سێکسکردنە. هەوڵدانی بۆ ڕزگاربوون نیشانی دەدات کە دەیەوێت لەو دۆخی تاوانە دەرچێت کە وادیارە لە ناچاریدا تێی کەوتووە. شاردنەوەی پاڵنەرەکانی دکتۆر و بە سەنتەربوونی، زیانی بە گێڕانەوەکە گەیاندبوو، چونکە دکتۆر جگە لەوەی بەشداری تاوانەکانە، بەهۆی پەیوەندیە نهێنیەکەیەوە لەگەڵ لیزا ڕایەڵی جەمسەری تاوان و یاسای فیلمەکەیە. لەکاتێکدا چەندجارێک گێڕانەوەکە هەلی دەرخستنی پاڵنەرەکانی ئەم کارەکتەرە دروستدەکات، بەڵام هیچ وەڵامێکمان بۆ ترس و گریان و ڕاڕای و وەفاداری دکتۆر پیشان نادات! نازانین بۆچی بەشێکە لە باندەکە ئەگەر نایەوێت تاوان بکات؟ نازانین پەیوەندیە ژێر-بە-ژێرەکەی و وەفاداریەکەی چۆن چۆنی لەگەڵ

فەرامۆشکردنی خێزانەکەی و دواتر خەمخۆریەکەی بۆیان یەکدەگرێتەوە؟ ئەی ئەگەر کارەکتەرێکی لە-تاوان-گلاوە و ڕۆڵی گەیاندن و پێکدادانی جەمسەرەکانی هەیە، بۆچی کەوتۆتە سەنتەری گێڕانەوەکەوە و وەزیفەی کارەکتەری دژە پاڵەوان دەگێڕێت؟ دکتۆر کارەکتەرێکی ئاڵۆسکاو و فرە ڕەهەندە، بەڵام بێ ڕیشەیە. ئەم بێ ڕیشەییەی لەگەڵ ئەو ڕۆڵە سەنتەریەدا وەکو لاوازی دەکەوێتەوە. لەکاتێکدا دکتۆر تاقە بەجێماوی تاوانکارەکانە کە لە کۆتاییدا تەسلیم بە پاڵەوان دەبێت، کەچی خۆی تاوانکار نیە! وە بەرەی تاوانکارەکانیش هیچ نوێنەرێکی ڕوونیان هەتا نزیک بە کۆتایی فیلمەکە نییە! ئا لێرەوە، ئەگەرچی وادیارە پێکهاتەی گێڕانەوە بە سێکوچکەی سێ-کردە لەسەر بنەمای سێ کارەکتەر (پاڵەوان، دژە پاڵەوان، کارەکتەری ناوبەند) کاری کردبێت، بەڵام نەیتوانیوە وەزیفەکان جیا بکاتەوە بەو شێوەیەی کە لە سینەمای باودا دەیان بینین. لە بنەمادا، میکایل و جان پاڵەوان و دژە پاڵەوانن و دکتۆر ئالانیش کارەکتەری ناوبەندە، کەچی جان وەکو کارەکتەری یاریدەدەر دەردەکەوێت و دکتۆر پێگەکەی ئەوی داگیرکردووە!

سەرباری ئەم نەنگیە لە کلێشەی گێڕانەوەدا، ئەم فیلمە لەڕووی وێنەسازی و فەزاسازیەوە نەیتوانیوە ڕەنگدانەوەی کەلتور و ژینگەی خۆی بێت! ئەمە وەڵامی ئەو ڕستەیە دەداتەوە کە بەردەوام لەلایەن ستافی ئەم فیلمەوە بە شانازیەوە دەوترێتەوە: (دروستکردنی فیلمی کوردی بە ستافی کوردی). هەڵبەت ئەوانەی کە ئەلف و بێی هونەریان ناسیبێت، دەزانن کە نە گێڕانەوەی چیرۆکی کوردی شانازیە، نە فیلمی بان-کەلتور و بان-نەتەوەیش نەنگیە. زمانی هونەر زمانێکی گەردوونیە بەڵام هونەرمەندەکان جیاوازن و لە کەلتور و کۆمەڵگەی جیاوازەوە مومارەسەی دەکەن، ڕەنگدانەوەی جیاوازیەکان خەسڵەتی بنەڕەتی هونەرە. بە ئیمتیازکردنی خاک و نەتەوە لەلایەن ستافی ئەم فیلمە و زۆرێک لە فیلمسازانی کوردیەوە، جۆرێکە لە بەدحاڵیبوون... ئەگەر شانازیەک لە سینەمادا هەبێت تەنیا بە خودی هونەربوونیەوە دەردەکەوێت، نەک بەو شەڕە ناسیۆنالیستی و ئایدیۆلۆژیانەی کە بە سینەماوە دەکرێت. لە کلتوری فیلمسازی دونیادا، دەبینین کە زۆرجار فیلمسازەکان لە دەرەوەی شوێنی ژیانیان فیلم دروست دەکەن، هەندێکجار ئەزموونی ژیانکردنیان لە کۆمەڵگەکەی خۆیان، یان تێگەیشتنیان بۆ چیرۆکێک دەکەن بە فیلم کە سەر بە دونیای خۆیشیان نییە، چیرۆک یان تێمای کارەکانیان ناوخۆی بێت یان جیهانی، لە هەر بارێکدا فیلمسازەکە بە ڕوانگە و زمانی تایبەت بە خۆی فیلم دروستدەکات. نموونەی کیاڕۆستەمی، فەرهادی، هیچکۆک، بێرتۆلۆچی و مالیک و زۆر دەرهێنەری تر، کە فیلمەکانیان بە زمان و نەتەوەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، ئەو ڕاستیە پشتڕاست دەکەنەوە کە شەڕی زمان و نەتەوە شەڕێکی مۆنۆپۆلخوازی بازرگانی و سیاسیە و لە دەرەوەی سینەما، بە سینەما دەکرێت... ئەم بابەتە لەوە فراوانترە لێرەدا کورتی بکەینەوە، بەڵام لە پەیوەندیدا بەم باسەوە دەتوانین بڵێین؛ دروستکردنی فیلمی کوردی بە ستافی کوردی نابێتە ئیمتیاز و سینەمای کوردیش بەمشێوەیە دروست نابێت، لەکاتێکدا چیرۆکەکەت، وێنەکانت و فەزای فیلمەکەت دووربن لە ژینگەی کوردیەوە و خاڵی بن لەهەر ڕوانین و دونیابینیەک کە مرۆڤێک لەم پارچەیەدا بۆ سینەما هەیەتی.

تاوانی گورچیلە دەرهێنان، تاوانێکە بە گوتەی دەرهێنەر و وێنەگرەکەی "لە دونیا..." و "ئەورووپای شەرقی"دا ڕوودەدات. پیشاندانی تیمێکی لێکۆڵینەوە کە لە دوو کەس پێکهاتبێت بۆ تاوانێکی چەندبارە، بە جلوبەرگ و نووسینگە و شوێنی کارکردنی ڕۆژئاواییانە، دروستکردنی بارِ بۆ لیزا و سارا، ونبوونی ڕەگەزی شوێن؛ ئەو جوگرافیا گشتیەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات. هەروەها میوزیک و  تایتڵی ئینگلیزی فیلمەکەش، هەموو ئەمانە فەرامۆشکردن، یاخود ونکردنی ئەو ژینگەیەیە کە ئەم فیلمەی تێدا دروست بووە و هەوڵدانێکی بێ فیلتەرە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەو سیفەتە زاڵانەی کە لە فیلمە پۆلیسی و دیتێکتیڤەکانی هۆلیودا هەن. بەم پێوەرە، فیلمی ٠٩ زۆر نامۆترە بە بینەرەکەی بە بەراوورد بەو فیلمە کوردیانەی کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە بە ژانەری تاوان و ئەکشن لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دروستکراون.

زەحمەتە لە مەودای ئەم نووسینەدا بەووردی بەراووورد لە نێوان هەموو ڕوویەکی ئەم فیلمە و ئەو نەریتە لە فیلمسازیدا بکەین کە ئەم فیلمەی لێوەهاتۆتە دەرەوە، بەڵام سەرباری ئەو کێشانەی کە لە پێکهاتەی گێڕانەوەدا باسمان کردن دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێکی تر بدەین؛ ڕەنگە یەکێک لە خاڵە باشەکانی ئەم فیلمە وێنەسازیەکەی بێت؛ دیارە کە وێنە بە تەواوی لەلایەن ژانەرەکانی فیلمەکەوە کۆنترۆڵکراوە. ژانەر کارئاسانی کردووە کە زۆربەی دیمەنەکان لەناوەوە بگیرێت و یارمەتی دەستبەسەراگرتنی پێکهاتەکانی میزانسین بدات بە تایبەت ڕووناکی و ڕێکخستن (هەروەکو سەردەمی ستۆدیۆی هۆلیود). دەرئەنجام، ئەم فیلمە لەڕووی وێنەییەوە هەتا ئەندازەیەک سەرکەتووبووە لەوەی خواستویەتی. بەڵام مۆنتاژ لە زۆر جێگەدا زیانی بە وێنە؛ ریتم و گێڕانەوە گەیاندووە، بۆ نموونە بەستنەوەی هاواری دکتۆر ئالان، لە یەکێک لە نیمچە ترۆپکەکانی فیلمەکەدا، بە ڕاستبوونەوەی سارا لە خەو، بە هەڵەدابردنێکی نا پێویستی دروستکرد، یاخود ماوەی هەندێک لە گرتەکان لە دیمەنەکانی کۆتاییدا؛ کە خێرا و تێپەڕبوون. سەرباری ئەوەی میوزیک و کاریگەریە دەنگیەکان بەباشی بەکارهاتبوون، بەڵام دەرهێنان لە چەندین جێگەدا لاوازی زۆر پێوە دیار بوو، زەقترینیان ترۆپکی یەکەمی فیلمەکە بوو؛ کاتێک جان و دکتۆر کە کەس نازانێت بە چ شێوەیەک گەیشتنە شوێنی قوربانیەکان، بەبێ ئەوەی کە لە چاوی ئەم تاوانبارانەوە هەستپێکردنی ستافەکەی میکایل ببینین، دوایان دەکەون! زۆر کۆمیدیانە، جان و دکتۆر لە چنگ مەودای بینینی کۆپتەر و بەلەمی تیژڕەو قوتار ئەبن و نارەیشن باز بەسەر چۆنێتی دەربازبوونی جاندا دەدات! دیمەنەکانی کۆتایش نموونەی زۆری تێدایە کە بە گوێرەی لۆژیکی فیلمەکە کەم و کورتی دەرهێنان پشتڕاست دەکەنەوە.

زۆر یان کەم، فیلمی ٠٩ باشتر لە پەیکەری دڵ لەڕووی فۆرم و ستایل و کلێشەی گێڕانەوە خۆی بەستۆتەوە بە سینەمای باو و بازاڕیەوە، کاتێک باسی ناوەڕۆک و مانا و دەرئەنجامەکانی تری ئەم فیلمە دەکەین، ئاسان، زۆر ئاسان ئەتوانین بڕیار بدەین کە ئەم فیلمە بە چەندین شێوە زەلکاوی ئایدۆلۆژیا باوەکانی دروستکردوەتەوە. ئێوە دیقەت بدەن کە سەرەتا پلۆتەکە چۆن لیزا و سارامان پێدەناسێنێت. بەجۆرێک دەریان دەخات وەکو دوو کچ کە توانیویانە لە دەرەوەی خێزان بە ئازادانە بژین. بەڵام  نا، نەخێر، سارا بەهۆی لیزاوە دەتوانێت لە شوقەدا بژی، لیزا کچێکی بوێر نییە کە توانیبێتی ژیانی خۆی لە دەرەوەی خێزانەکەیدا دروستکردبێت، بەڵکو ئەوە دۆخێکی ناچاریە کە ڕووبەری ئەو ئازادیە مەترسیدارەی بۆ دروستکردووە. مەترسیدار: چونکە ئەم فیلمە نیشانی دەدات کە ئازادبوونی ژن و ژیان لە دەرەوەی خێزان چەند بە مەترسی و ئاستەنگی پیاو و کۆمەڵگە دەورە دراوە. ئەوە تەنیا لیزا نییە کە بەهۆی ئازادیەکەیەوە نزیکە ببێتە قوربانی، بەڵکو سارایشە کە بەهۆی ژیانی لەگەڵ لیزادا هەمان چارەنووسی دەبێت.

پەیوەندی سارا و باوکی، پەیوەندیەکە زۆر شتی ترمان دەربارەی دونیابینی ئەم فیلمە پێدەڵێت. میکایل لە پاش گەڕانەوەی بۆ لای کچەکەی و عوزرخواییەکی زۆر، بەر لەچوونە دەرەوە بە سارا دەڵێت کە تۆ ناتوانیت بەمجۆرە بەبێ من هەڵبکەیت. سارا کە لە ساختترین ساتی ژیانیدا بێناز و فەرامۆشکرا لەلایەن باوکیەوە، دیسانەوە پێویستیەکی تر ناچاری دەکات پەنا بۆ باوکی بەرێتەوە. باوک لێرەدا تەنیا باوکێکی بایەلۆژی نییە، بەڵکو سیستەمێکی چاودێر و پارێزەرە کە لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگەدا ئامادەی هەیە! ئەمە یەکێکە لە بەهێزترین و کوشندەترین وێنەی باوک کە هەتا ئێستا فیلمی کوردی بەخۆیەوە دیوە! سارا، سەرباری ئەوەی کە گرینۆک و هەست ناسکە، ناتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت، دواتریش کە دەکەوێتە مەترسیەوە، دەمانچە هەڵەگرێت و شانازی بەوەوە دەکات کە "کچی باوکی خۆیەتی". لە دیدی ئەم فیلمەوە، جورئەتێکی بەوشێوەیە دەبێتە بدرێتەوە پاڵ پیاو، وە کاتێکیش سارا، بە پێکراوی و تاساوی بە دەست ئارامەوە دەبینین/دەبینین کە ئەو ئیرادە ژنانەیە چەند بێ ئاوەز و جەستەیە!

تەنیا لیزا و سارا نیین کە دەیانەوێت خاوەن بڕیار و چالاک بن و شکست دێنن، بەڵکو کۆی ژنەکانی ئەم فیلمە ڕۆڵێکی نەرێنی و لاوەکیان هەیە؛ لاواز و نەخۆش و گێل؛ وەکو ژنەکەی دکتۆر ئالان. سیخوڕ؛ ئەو ژنەی ئالان و لیزا دەدات بە گرت. یاخود مردووی فەرامۆشکراوە؛ ژنەکەی میکایل. تەنانەت ئەگەر زۆریش زرنگ بن وەکو لیزا و سارا، دەبینین توانای پێکەوەهەڵکردن و گونجانیان نییە! بەکارهێنانی کچ و ژن وەکو بوونەوەرێکی زەعیفە و لەرزۆک و پاسیڤ، تۆخکردنەوەی ئەو بیروباوەڕە باوانەیە کە خێزان وەکو پارێزەر و شورای مرۆڤ سەیردەکات. بێگومان ئەرکی ئەم نووسینە نییە کە نیشانی بدات ئەم تێگەیشتنە چەند کورتبینانەیە، بەڵام مەبەستمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەم تێگەیشتنە نێرسالارانە و بەکارهێنانی ژن بۆ بەدرامکردنی گێڕانەوە، مێژوویەکی زۆر دوورودرێژی لە سینەمای باو و بازاڕیدا هەیە و فیلمی ٠٩ زۆر سەرکەوتووانە تەبەنی ئەم سیفەتەی کردووە.

بێگومان فیلمێک کە بۆ پەیداکردنی بینەر دروستکرابێت، یاخود ڕاستتر بڵێین، فیلمێک بینەر دروستی کردبێت، پێویستە خواست و بەها و نۆرمەکانی ئەوانیشی لەبەرچاوگرتبێت. بۆ نموونە، لەبەرئەوەی ماچکردن لە فیلمی کوردیدا هەتا ئێستایش وەکو تابۆ سەیری دەکرێت، دکتۆر ناتوانێت ماچی لیزا بکات لەکاتێکدا بە لۆژیکی پەیوەندیەکەیان و جۆری بەرکەوتنیان ئاساییە ئەوە ڕووبدات، بەڵام لەلایەکی ترەوە لەوکاتەی سارا و لیزا دەکەونە بەردەستی دکتۆر، سارا پرسیاری بڕیاردان لە دکتۆر دەکات، دکتۆر ئالان وەکو باوکێک هەڵەچێت و ماچی سەری سارا دەکات، لەکاتێکدا ئەو کاردانەوەیە زیاتر بوو لەوەی کە پەیوەندی ئەو دوو کارەکتەرە بیخوازێت. بینینەوەی ماچکردن یاخود هەر سنورشکێنیەکی تر لە فیلمدا، گوزارشت لە کواڵێتی هونەری فیلم ناکات، بەڵکو ئەوە جۆر و شێوە و مەبەستی پیشاندانیەتی، دەریدەخات یاخبوونی فیلمەکە لەو نۆرمە چەقبەستووانەی کۆمەڵگە پشتبەستوو بە چ تێگەیشتنێکە. هەڵبەت چاوەڕوانیەکی لەمشێوەیەش لەم فیلمە ناکرێت.

فیلمی ٠٩ لەگەڵ ئەوەی ملکەچی ئایدۆلۆژیا کۆمەڵایەتیەکانە، لەلایەکی ترەوە، زۆر بە وریا و مەبەستەوە، ئاڕاستەی بیرکردنەوەی بینەرەکەی کردووە و هەوڵی بە پاڵەوانکردنی هێزە ئەمنی و هەواڵگریەکانی داوە. وەک دیارە ئەمە ستراتیژی کۆمپانیای کام پرۆدەکشنە کە لینکێکی بەهێزی لەگەڵ دژە تیرۆر و هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی، (لاهور شێخ جەنگی) هەیە. ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەیش بێت نمایشی فیلمەکەی لە شارەکانی هەولێر و دهۆک پەکخست! کۆمپانیای کام، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە یەکێک لە کارەکانی دروستکردنی سپۆت و ڤیدیۆی هاندان بووە بۆ هێزی دژە-تیرۆر، وە ئەم فیلمەیش [درێژکراوە و] باشتر لە هەموو کارەکانی پێشتریان توانیویەتی پروپاگەندە بۆ هێزە ئەمنیەکان بکات. هەر بۆیە بەختیار فەتاح زۆر پێزانانە ستایشی هاوکاری ئەو هێزانەی کرد و وتی "لێمان تێگەیشتوون!". ئەم تێگەیشتنە بەرئەنجامی تێگەیشتنی ئەو هێزانەیە لە دەسەڵات و توانای وێنە (میکایل بەهۆی وێنەیەکی دووکەرت بووەوە توانی سەرەداوی پەیوەندیەکان بدۆزێتەوە!).

لەواقیعدا، تەنیا ٠٩ نییە کە سەرنجی بینەرەکەی ڕادەکێشێت بۆ زەروورەتی ئەو هێزانە، لە ماوەی ڕابردوویشدا "درامای بەختەباران" هەمان ستراتیژی، وردتر و چڕتر پیادەکرد! ئەم تەوژمە لە فیلم و دراما هیچ پەیوەندیەکیان بە هونەرەوە نییە، بەڵکو بەشێکن لە سیاسەتکردن لەڕێی میدیاوە. هەڵبەت ئەوانەی کە شارەزای تیۆرەکانی پەیوەندین، ئاگاداری ئەوەیشن کە دەسەڵاتی میدیا چەند فراوان و بەهێزە، میدیا زۆر لە مێژە توانای ئەوەی هەیە فیلم لە میدیۆمێکی هونەری و یاخیەوە بگۆڕێت بۆ کەرەستەی خۆی و پڕوپاگەندەی بۆ ئایدۆلۆژیایەکی زاڵی دیاریکراو پێبکات. لە سەردەمێکدا کە فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، بەگشتی شوێنی سەرجادەیان گرتۆتەوە، لە سەردەمێکدا کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان داڕێژەر، درێژەپێدەر، سەرکوتکەری ڕووداوەکان و دەتوانن شێوە بە واقیع بدەن. لە سەردەمێکدا کە لە هەر کات و ساتێکی تر هەر سێ جۆرە باوەکەی میدیا؛ نەریتی، دیجیتاڵ و سۆشیاڵ زۆر بە نەرمی لەگەڵ یەکتر و بە تەنیشت یەکەوە کاردەکەن و دەتوانن حیزب و لایەن دروست بکەن و بیتەپێنن. لە سەردەمێکدا کە دەزگا

و تۆڕ و کۆمپانیا میدیایەکان توانیویانە شوێنی مەقەڕ و بارەگا حیزبییەکان بگرنەوە ئاسانتر بچنە ناو ژیانی تاکەکانەوە. لە کاتێکدا، کە جەمسەرگیری سیاسی لە سۆشیاڵ میدیای کوردیدا، ڕۆژانە دابەش و توند ئەبێتەوە بۆ سەر ئاستی شەخس، فیلمی ٠٩ کە دەتوانێت هەرای گەورە لەم فەزایەدا دروست بکات و ڕووخسارەکانی سۆشیاڵ میدیا بەکاربهێنێتەوە چۆن ئەتوانێت بێلایەن بێت؟ بێگومان، ئەم فیلمە درێژکراوەی هەموو ئەو بەرنامە و دراما تەرفیهی و گاڵتەجاڕی و کۆمیدیانەیە کە ئامانج لێیان دروستکردنی بینەرە، بینەرێک کە بتوانێت بەشداربێت لە بونیادنانی قەڵەمڕەوی سیاسی و بازرگانی کۆمپانیاکە!

بە کەرەستەبوونی فیلم لەلایەن کایەی سیاسیەوە ڕەگێکی قوڵی لە مێژووی سینەمادا هەیە. بەکارهێنانەکانی ستالین و مۆسۆلۆنی و هیتلەر، لە سەردەمی نوێیشدا، پڕوپاگەندەکانی دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا، هەزاران هەزار فیلمی لێکەوتۆتەوە کە ڕەنگە دیارترینیان فیلمی ئارگۆ بێت کە خەڵاتی باشترین فیلمی ئۆسکاریشیان کرد بە بەردا. لە دونیای کوردیشدا، لە ساڵەکانی نەوەدەکانەوە و لەگەڵ پەیدابوونی تەلەفیزیۆندا، کاری دراما و فیلم و بەرنامەی کۆمیدی و تەنزئامێز بە زەقی دەرکەوتوون. قسەکردن لەسەر ئەو کارانە لە ژێر چەتری هونەردا، دیاردەیەکی میدیای فرە ڕەهەندە و لێرەدا ناتوانین بە وردی باسی بکەین. بەڵام ئەوەی جێی بایەخمانە ئەوەیە کە سەرجەم ئەو کارانەی کە لە دامێنی میدیاکانی حیزبەوە بەناوی هونەر کەوتوونەتەوە تەژیبوون بە ئایدیای سیاسی، یاخود جۆرێک لە گەمەی دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەردەوام لەهەناویاندا کاری کردووە. لەڕاستیدا هەر ئەم تێگەیشتنەیە بۆ ڕۆڵی دراما و فیلم و تەرفیهییات کە وای کردووە حیزبەکان هەموو هەوڵێک بدەن میدیاکانیانی لێ پڕبکەن! چونکە هونەر باشترین ڕێگەیە بۆ دروستکردن و هێشتنەوەی بینەر یاخود دەقیقتر بڵێین بۆ دەستبەسەراگرتنی خەڵک.

ئا لێرەوە و زۆر بە ئاسانی، دەتوانین بڵێین کە فیلمی ٠٩ وەکو کەرەستەیەکی میدیای دەچێتەوە ناو ئەو کارگە ئایدلۆژیەی کە ئامانجی هێشتنەوەی مرۆڤە لەو واقیعەدا کە لەلایەن ئەوانەوە کۆنترۆڵکراوە. وەکو بەختیار فەتاح دەڵێت: " ویستومانە حکومەت و ژیان و خەڵک بە جوانی پیشان بدەین. ئەم وڵاتە، وڵاتێکی جوان و خۆش و ڕێکوپێکە. سیستەم تیایدا کاردەکات." ئەم دانپێدانانە پێمان دەڵێت کە بە چ جۆرێک سەیری ئەم فیلمە بکەین! مرۆڤ نازانێت بە کوێی ئەم تێگەیشتنە بڵێ هونەرمەندانە؟ ئایا ئەم خۆشباوەڕیە دەربڕی ڕوونی ئەو ڕاستیە نییە کە ستراتیژی ئەم کۆمپانیایە چییە؟ فیلمێک هەوڵیدابێت [پاش دووساڵ] بەسەر کارەساتی کەرکوک و شەنگالدا، وڵاتمان "بە جوان" پیشان بدات. بەسەر جەستەی لەخوێن هەڵکشاوی دوو هەزار پێشمەرگەی شەڕی داعشدا، ژیان و خەڵک بە "خۆش و ڕێکوپێک" وێنا بکات. حوکمەتی دز و داڕزیو و کارتۆنی بە خاوەن سیستەم دەربخات، ئایا ئەمە شیاوی ئەوەیە وەکو هونەر لێی بڕوانین؟ ئایا وەزیفەی هونەر ستایش و پیاهەڵدانی وڵات و سیستەمە؟ کوشندەیە! ئەوە تەنیا دەرهێنەر و بەڕێوبەری کۆمپانیای کام نیە کە ئەم تێگەیشتنەیان بۆ فیلم و کاری هونەری هەیە، بەڵکو هەردوو ئەکتەری دیاری فیلمەکەیش: ماهیر حەسەن و شوان عەتوف ساڵانێکە بەناوی هونەرەوە دروستکەر و بەشداری دروستکردنەوەی هەمان زەلکاون. بەپێی بەرژوەندی و ڕۆژگار، لەملا-و-ئەولا کار دەکەن و کارەکانیشیان بۆ ڕازیکردنی "بینەری جوان!" و دروستکردنی قەڵەمڕەوە بۆ کەس و لایەنی سیاسی. وتنەوەی حیکمەتی "بینەری جوان" پاش ٣٠ ساڵ کارکردن، نیشانیدەدات کە ئەم کارەکتەرانە چەند دوورن لە سروشتی هونەرەوە...!

بە بۆچوونی من، ئەوە ئیشی هونەر نییە ستایشی هیچ هێز و ئایدۆلۆژیایەکی زاڵ بکات، هەروەک چۆن وەزیفەی هونەر نییە خۆی بۆ لێدان و پەلاماردانیشیان تەرخان بکات. لە هەردوو بارەکەدا هونەر ئەبێتەوە بە کەرەستە و بەرهەمهێنەرەوەی ئەو واقیعە دەستکردە. ڕەنگە زەحمەت بێت بڵێین وەزیفەی هونەر دەبێت چۆن بێت، بەڵام ئاسانە کە بڵێین چۆن نەبێت، بەگشتی پێموایە هونەر دەکەوێتە دەرەوەی ئەم جیهانەوە کە سیستەم و نەریت تێیدا حاکمە. دۆلۆز گوتەنی ئەشێت هونەر و بە تایبەت سینەما ئەو جێگەیە

بێت کە مرۆڤ تێیدا بەڕووتی بەرگری لە خۆی دەکات؛ لە خەونەکانی، لە خەیاڵەکانی، لە بیرکردنەوە و ئارەزووەکانی... بەڵام فیلمی ٠٩ نەک بەرهەمی خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئازاد نییە، بەڵکو [کاردەکات، کاریکردووە و دەبێت کار بکات] بۆ ئەجێندایەکی سیاسی دیاریکراو کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەل و پۆی خۆی قایمتر دەکات! بەداخەوە کە ئەمە فاکتە و تەفسیر نییە!